**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ژمارەی بریار: ١١**

**مێژووی بریار: ١٩٩٣/٢/٢٢**

**بریار**

بەپێی حوکمی برگە /١ لەمادە /٥٦ لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە /١ی ساڵی /١٩٩٢ ولەسەر پێشنیازی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری وبریار لەسەردانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجەمەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/٢/١٧ ئەم بریارەی دا:

١ـ یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی /١٩٨٣ و ئەو ڕێنماییانەی لە بارەیەوە دەرچووە رادگیرێن.

٢ـ هەر دوو بریاری (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ژمارە (٣٦٤ ، ٣٦٧) ساڵی /١٩٩٠ ئەو ڕێنماییانەی لە بارەیانەوە دەرچووە، رادەگیرێن.

٣ـ دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە جێ بەجێ بکا.

٤ـ ئەم بریارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**